**ناميلكەی: "ئاسكی بەختی من"**

- 0 -كورتە چێرۆک؛
- 0 -نووسینی: ئاغای محمموودی دەوڵەت ئابادی
- 0 -وەگێراوەی: حامیدڕەشیدی زەرزا

## "ئاسكی بەختی من"

ئاسکێکی سپی‌و خوشکۆک،دوو ئاسکۆڵە،(بچکە ئاسک)دەشتێکی (سەوز) سپیە ڕۆژێکی (سووری تۆخ)لە ژێر ئاسمانی بەرزو عابی.

غەزاڵ لە گەڵ بێچوەکانی لە دەشتێکی کاکی بە کاکی‌و بەر فرەوان‌و کەسک، نوقمی لەنجەو، شەلەنگێن بوو دەلەوەڕا.

بچکە کارخەزاڵەکان تازە  چێژیان لە لەوەڕ دەکردو فێری دەبوون، چونکە ئیدی دەبوایە وازیان لە شیری مەمکی داکیان هێنابوایە.  ئاسودەیی بوو، بێترسی پێکهاتبوو. دەشت‌و بای بسکان‌و سروە و تاڤ‌و تێریژ، ئاسمانی بڵند،لە ڕەخ لێرەواری تێکسڕماوی بە ئەستێرو سەرچاوە پڕ لە ئەستیرە،(جەنگەڵی ئەفلاک) هێمنایەتی‌و ئاسوودەیی پێکهێنا بوو.

لێرەوارو،شوێنێکی بژوین‌و بە کانیاوی زولال‌و بە تامو چێژ.  چ بەرگریەک نەبوو، چ مەترسییەکیش لە بۆسە دا خۆی نەدە نواند. کە وا بوو دونیای ژێنگاری ناو پسات(کۆمەڵگا)، ئەوها جوانکیلەو لاڤلاڤ دەبینرا کە ڕادەو سنوورو تخووب‌و کەوشەن‌و حدوودی نەبوو. جێوار بە لەونێک دەماخچاخ‌و بە تامو خۆشچێژی دەنواند کە هەتا بۆ چرکەیەکیش بیری مرن بە دڵدا نەدەهات.

نەخازا بێچوە ئاسەکەکان، کە بە هیچ شێوەو لەون دڵە خورپەو دڵەڕاوکەیان نەدەزمڕاندو نەدەزانی. تێگەین‌و ئاقڵ‌و هۆش‌و شعووریان نەبوو. بەو بۆنەوە هەتا دەنگوباسێکیان لە چێژی تفت‌و تاڵی مەترسیی و واهیمەی ڕۆژگار نەکەوتبۆ دڵ.

ئەوان هێچتا، ئاوزان‌و (فامین)ئاوزینان نەدەکرد، خەمبار نەدەبوون، هەستیان بە پڵمە) خەم گریان)نەدەکرد و نەیاندەزانی  پەژارەو کول و کەسەر چێیەو بێنتەنگی چ تامو چێژێکی تاڵی هەیە. چونکە لەو کاتەوە کە هاتبوونە سەر گۆی زەوی، لە ڕەخ‌و لە گەڵ داکی خۆیان بوون، شیریان لە مەمکی ئاییاو، ئاویان لە کانیاوەکانی ڕوون‌و زولال، نۆشی گیان کرد بوو. جارێکێش ئەگەر "ئامە" سەردەمێکی کورت لێیان دوور ببوو، زوو گەڕابۆوە لایان، زۆری بە  تاقی تەنیا نەهێشتبوونەوە، هەڵبەتە ئەو چاخە کورتەش، بێچوەکانی بە نائەمینی‌و  بێحاشارگە بەرهەڵڵا نەکرد بوو، بەڵکوو ئەوانی لە پەسیوێک، لە حەشارگەی بێترس دانابوو. بۆ نموونە: لە قەڵشتی دارێکی کلۆر،لە ناو کەلێنی گاشە بەردیکی چیا، یان لە ناو پۆلە قامیشەڵان‌و کۆزی شیلانێک..

بێچوە ئاسکەکان، چ دونیایەکی خوشکۆک‌و جندی‌و جوانیان هەبوو

بێ خەیاڵ‌و خۆش خەیاڵ.

لە پاڵخۆیاندا ئەوهایان لێکدەداوە، بۆچوونیان وا بوو کە دونیا دایم‌و دەرهەم ئەوهایە کە ئەوان تێیدا دەژین، دونیایەکی دیکەیان لە خەیاڵی خۆیاندا هەبوو.

بێچکە مامزەکانی جوانکیلە، فەرخە ئاسکەکانی ڕوو گەش،جوان قەڵافەت تەکووزو ڕێکووپێک.

ئامە، جوان‌و، کار خەزاڵەکانیش بە نازو کریشمەو جوان بوون، بۆیە پێیان دەگوت (گویزەل)یانی: جوانچاک.

بەڵام گوێزەل،جگە لە خوێن شیرینی‌و دەلالی‌و جوانچاکی، شتی دیکەشی هەبوو: وەکوو ئەزموون‌و جەڕباندن‌و تاقیکاری‌و تێگەین‌و ئاوەزو هۆش‌و کارزانی.  تەنیا هەر بۆ ئەمە چاوەکانی جوان نەبوون، بەڵکوو هەم جوان‌و هەم ڕووناک‌و وردبین، هەم تەژی لە ئەزموون‌و دەوقاندن‌و بازرەو ترس ڕێنیشتوویی‌و سڵ‌و قوشقی. گویزەل کە چاوی لە ئاسکۆڵەکانی دەکرد،لە چرکەیەک هەزار ڕەنگ‌و شوێنەواری ژێواری دەبینی، دەتگوت کە:  سومای چاوەکانی  رێژە

دەڕۆن،،لە راستیشدا ئاسكۆڵەكان هەوداى لە موو بارێكتريان ئەدىو گويزەل گرێو گەوەى مووەكان.  ئێستاش لەو حاڵەدا كە گوێزەل لە كارخەزاڵەكانى ئەڕوانى،لە لایەک لە تەماشاى وان نوقمى ورشە بوو، لەو حاڵێكدا،دڵو كەزەتى(جەرگى) دەرياى خەم.

ئيدى بۆ دەرياى خەم،گوێزل؟

..."چونكە دەزانم كە دونيا ئەوها بە سەهلو سانايىو بى تۆڵە دانەوە بە كەس نادەن،بۆيە كە بۆ بێچوەكانم دڵبەخوێنو خەمگينو خەفەتبارم".

ئەدى بۆچ ڕووگەشو دەم بە بزەو بە خەندەى؟،چلۆن دەشێى كەيفت خۆش بێ؟"...شايلەخانىو كەيف خۆشيەكەم  زوو تێپەڕيوو،بێ هێمو بناخەو بێ دەوامە، شايلەخانى زوو تێپەڕيوەم لەو بێخەبەريەيە، بێخەبەرى بێچوەكانم. چاوم لە سەريانە هەتا چركەكانى هێمنايەتىو پارێزران بە بێخەميى و بێ كۆڵە مەرگى ژيان بكەن. خۆشحاڵم لەو چركانەى پاراستن،خەمناكم لە بى ئيعتيبوارى ئەو دەمووكەو سەروبەندو پشووى چركەكان. ئاخ.

ئەوان وا دابنێ  دوو بووكنو لە درێشوكەى بە ژەهرى دونياى زاڵمو بێبەزە، هێشتا چيان نەنۆشيوە، ئەوان هێچتا ئاگاەو خەبەريان لە مەترسىو فەتەڕات نييە. بەڵام ئەمن... ئەم هێمنايەتييە وەكوو سيپەو بۆسەى مەترسى دەبينم، نەک شوێنێكى  متمانەو بێ ترسو ئەمين و... ئاخۆ دەتوانم چ بكەم؟ چ ڕێگاچارەيەک بدۆزمەوە؟

گوێزەل هەر وا دڵەخۆڕپەو دڵكرمێبوونى لەمە بوو، كە نەيتوانيبوو بێچوكانى خێراتر ئامادەى زيوار بكات!  دڵەڕاوكێ كارێكى جێبەجێ نەكراو. ڕەنگە هێشتا زۆر زوو بوو،ڕەنگە. لە بەر ئەمە دڵى نەهاتبوو كە گرێى بوخچەى تاڵى رۆژگار، بۆ بێچوەكانى بكاتەوە. و لە ڕۆژانى ڕەشى زەمانە داخى دڵيان بۆ هەڵڕێژێ

گوێزەل دايک بوو.

داک، دڵى بەرەدايى نەدەدا هەوداى جوانى دونياى ڕازاوە بە ئەوينو هێمناتى، خەياڵى  بێچوەكانى تێكداو بشمزێنێو بپسێنێ، چونكە بە باشى دەيزانى هەر چاخ بێچوەكانى شتێک لەو شتانە بزانن، ئيدى ئاراو قاراويان لە دڵ هەڵدەگێرێو قەڵافەتى جوان ڕسكاوو ڕوخسارى گەشى ژيانيان لە بەر چاو تێكدەشكێ.

كە وايە لێگەڕێ با هەندێ هێمنو سەر خۆش بن، بێچوەكانى نازەنينم، سەرخۆشو بێخەياڵ. و ئەمن سەر دەمێک كەيف خۆشو دەم بە بزە لە سەرخۆشى و مەستىو بێخەياڵى ئەوان، و دايمو دەرهەم خەمگين و بە ئاخو حەسڕەت، بە پەرۆشم لە سبەينەى دواڕۆژ.

هەندێ بڵەوەڕێن ئازيزانم، بڵەوەڕێنو هەڵپەڕنو بلييزن بە ڕووگەشى. ئەمنو ئەو دڵەڕاوكەييەو دڵەكوتەو چاو لە دوابوونو خم شێوانو داتەمينو دڵپەشێوى هەمێشەيى"...

مەترسى لە ناوەوەى هێمناتى،ترس رێنشتنو جەفل (ترس)و خۆف، لە دڵى سانايىو بێخەمى.

چ زۆر،چ زۆر، ئەگەر ئەو چركە ئەوها بێخەوشبوون ئامادە نەكرابوايە، ئەگەر ئەو چاخو كاتو ساتو چركە ئەوها بێ عەيبو جوان نەدەبوو، ترسو لەرزو دڵەراوكێ گوێزەلى گەمارۆ دەدا، چ زۆر، گويزەل چ حاڵاتێكى باشيلىو ئەراگيلىو غەوارەيىو سەر سوڕمانى هەبوو!

چ ڕوگەشيەكو دەم بەبزە بە ڕەواڵەت، و چ دڵە خۆڕپەو ڕاچڵەكانو شڵەژانێک بە نهێنى لە دەروونى!

تەپ،تەپ،تەپ،...

تەپ،تەپ تەپ،...

ئەمە دەنگى دڵى خودى گويزەل بوو، كە ئەو لە سينگيدا دەيبيست،دەنگێک كە يەكەمينجار لە ناكاو لە دڵى پێدەشت- دەشتێک ئيدى نە جوانو ڕازاوەو بێ ترسو ئارام، بەڵكوو پڕترسو واهيمەو دڵەڕاوكێ- بەرزبۆوە،  هەموو لەشوو گيانى گويزەلى پڕو دارماڵو لێپاولێپ لە تۆقين كرد

تەپ، تەپ، تەپ،

تەپ،تەپ، تەپ،

دەنگ،

دەشتێکی تەژی لە دەنگ،دەشتێکی پڕ لە سوارە،

گویزەل سەری وەرگێراند بوو، لێدەڕوانێ

بێچوەکانی گویزەلیش وەک داکی خۆیان سەریان وەرگێراند بوو، چاویان لێدە کرد. ئەمە یەکەمین جار بوو کە ئاسکۆڵەکان ئەو دڵە ڕاوکەو شڵەژانەیان لە خۆیاندا هەست پێدە کرد، ئەو شێوازەیان لە خۆیاندا تەجرەبەو قوونەکەو جەڕبو زموون دەکرد

ئێستا ئەو دەشتی بژوینو لەوەڕگە،لە تۆزی خەفەت نووقم ببوو

ڕۆژ لە چاوی ئاسکۆڵەکاندا گزنگی دا،بەر لە وەی کە کێوەکانی هەور، چاوی خۆر دابپۆشن. و دەشتی پڕ لە خۆر لە سۆمای چاواندا بکەوێ،بەر لە وەی کە بە تەواوی لە ژێر سمی ئەسپەکانیان وەلەرزین کەوێ

لە ناکاو خۆر ڕوخساری لە بن هەورەکان ون کرد،هەورەکان لە ناکاو لوولی ناو یەکبوونو لێکهاڵانو گرێیان خوارد

دەشتی کەسک لە ناکاو بە تەواوی ڕەنگو ڕووی تێکچوو ژێرکەفت

وتۆزو خۆڵ ... تۆزوخۆڵ... بە سەر جەم، هەموو دونیای پڕ کرد، سوارەکانو نێچیروانان لە ناو تەپوو تۆز بە سەررەو بەرەو پێش دەهاتن:

تەپ،تەپ، تەپ

تەپ، تەپ، تەپ،

قەستەسەری، ئێستا جەستەی وەدەر خستبوو،

گوێزەل هەلێنگی داو دەرپەڕی

گوزەل بەر لەمە، هەستی بە بۆڤەو(ترس ولەرز) سیپەلان کرد بوو، دڵەڕاوکەو دوو دڵیشی پەیوەندی بەم مەترسییە بوو کە هەستی پێکرد بوو

گویزەل غاری دەدا،

غاری دەدا،

تەپۆڵک بە تەپۆڵک،

جۆگە بە جۆگە،

مێشە بە مێشە،

و سوارەکان بە دوایدا ئەسپەکانیان پرتاو کردبوو، هەسپەکان یەک یەک ماندوو شەقی دەبوون، یەک یەک بە هۆی ماندوو بوون دەریان نە دەکرد دادەماڵان

گرد بە گرد،

جۆگە بە جۆگە

لێرەوار بە لێرەوار،

لێوار بە لێوار،

سوارەکان لە پێشەوەی چیاکانی تەپوو تۆز دا لە غار دا بوون. هەسپەکایان دانە بە دانە دەوەستان، چەتر دەبوون، دەریانەدەرپری سەرسمیاندەداو ڕەتیان دەبردو هەڵدەنگووتن‌و دەکەوتن‌و لە خۆڵ دەگەوزین

سوارەکان چرکە بە چرکە، لێیان کەم دەبوو، وای لێهاتبوو کە دەکرا بژمێردرێن

هەنووکە چەند سوارێک..

هێشتا حەوت سوار... یەک وەک پێشقەڕەوڵ، لە پێشەنگ، سێیی دیکە لە پشتەوە،لە دوایی سواران

سواری پێشەنگ بە ئاوە سوو(بێشەرم) لە غار دابوو، گوێزەل لە هەر گەوەو پاوەروتێکی خوار پێچە، گورگە ئاورێکی ویدەداوەو پێی پێوەدەنا، سەرەتا هەر ئەو سوارەی دەبینی بە بریقەیەک لە بەرزایی، کە با عەبا بنەوشەکەی هەڵدەداوە و دەیلەراندەوە، و ئەو هەسپی تیزچەنگی وی کە ڕەنگ سپی خۆش بەزو ناوەستەک‌و بێ ئەوەی هەست بە شەقی بوون بکات، لە غار دا بوو

هەسپ‌و سوار،لە ناو چاوەکانی گوێزەلدا گڕیەک لە مەترسی مرن بوون، هەر وەک گویزەلێش لە بەر چاوی سوارەکەو هەسپ بای سەڕ سەڕ (صرصر)بوو

تێرێک لە ماڵی کەوانی دەرچوو،بە وشە وش...لە قەڕاخ دەستی گوێزەل هەردی دڕاند. ئێستا ئەو لەو کاتە ئاستەمرو دژوارو سەخت‌و مەترسیدارە، دڵی بە دوای حاشارگەیەک دا بوو، ماندویی‌و شەقی بوون دەهات هێزو توانای لێبیرێ‌و لە تاقەتی بخات

گوێزەل خۆی هاویشتە ناو لێرەوار:

)جەنگەڵی سەر بە ئەفلاک(

بە جێ پێشوێنی ویدا سواریش خۆی لە لێرەوار کێشا. ئیدی سواری مەیلەو بنەوش، تیری نەدەهاویشت،کەمەنی وەدست‌و ئامادە بوو. وەک وەی بوو دەیەویست کە گوێزەلی بە زیندوویی بگرێ

دیسان گەوەو خوارپێچەو پاوەرۆت‌و هەڵات هەڵات‌و تێتەقاندن، لەم بەینە بۆ ئەو بەینە

دەتگووت گەمەیە!

ئەسپایی‌و دەرپەڕین، هێرش‌و ساوە ساوە،هجووم‌و شل‌و شەوێقی،

تەنگەی نوێژی شێوان،

تاوپەڕو خۆرنشین،

گوێزەل ماندوو بێگیان بوو تەنیاو، تەنیا هومێدیکی هەبوو، کە توانی بوای هەسپ‌و سوارەکەش لە گیان بخات. بە هیوایەکی ئەوها بوو، باقی هێزو ورەی بە کۆمەک وەرگرت. بەڵکوو بتوانی ئەم گەمەیە بخاتە تاریکانی شەو

شەو دەشیا، حاشارگەی ون بوونی بێ

بەلام خۆ فریوودان،

گوێزەل لە پڕا خوی لە گەمارووی دا بینی:

سوارەکان لە هەموولایەک لە بەینی خۆیان گرتبوو: دەنگی سوارەکە هات، ئەمریدا بە زیندوویم دەوێ!

ئێستا دەستەکان‌و،کەمەنەکان

دەس‌و باسکی هەر سوارێک وەک باڵی هەڵۆیەک لە بەر یەک دەتڕازاو پان دەبۆوە

باڵەکانیان لە بۆ توور هەڵدانی کەتوون‌و کەمەنەکانیان

بە هیوای دەستخۆشانە"

"كە وا بوو فریویاندا بووم. نە تەنیا لە لایەک هێرشیان هێنا، نە تەنیا لە لایەک. بەڵام هیوا هەیە: هێشتا هومێد لە دەس نەچووە"

هێوای گوێزەل ئەو سوارەی سورخون بوو، کە دەیهەویست ئەوی بە زیندوویی بۆ بگرن

ئەگەر بە پێچەوانە بوایە، هەر سوارێک دەشیا تیری بهاوێتێ و گوێزەل بە چەتوونی دەیتوانی لە بارانی تیر گیان دەربەرێ. بەڵام هەنووکە شانسێک لە گەمەی شەڕ بۆ وی مابۆوە،گوێزەل تێکۆشا دیسان ئەو شانسەی تاقی کاتەوە.

گوێزەل بوو بە سێبەر دەرپەڕی،

بەڵام ئاتەر(ئاور) لە حەوت ڕەخ ئاگریان کردبۆوە. بڵیسەکان لە سۆمای چاوی مامز دەنیشت،ناچاریان بە ڕاوەستان دەکرد.

تروسکەی ئاگر،مامزی لە جێوە بزمار کوت دەکرد

یاگی(ئاگر) لە حەوت ڕەخ. گوێزەل پرست لێبراویی‌و بێتاقەتی قبووڵ کردو بە ناهومێدی حازری خۆ بە دەستەوەدان بوو. لە ناهومێدی پاڵی( وەبەدەنە)ی ساقەتەی دار داو فرمێسک بە پانای ڕوومەتیدا لووزەوی بەست. دڵی دار قەڵشی بردوو زگی کردەوە گوێزلی دەخویدا جێکردو حاشاردا

گوێزەل دیسان زیندوو ماوە

زیندوو هەتا دامرکانی بڵێسەی ئاگری تیرەکان،هەتا کازیوەی بەیان

زیندووغەمبارو خەمناک،بە پەرۆشبوون بۆ بێچوەکانی:

"ئاخۆ قامێشەڵانێک، مێشەیەک، پۆلەدارێک، گاشە بەردێک، کەنداڵێک، بە باوەش هاوەڵایی ئەو گوڵە سوورانەی من حاشار دەدات؟"

ڕەنگە ڕەنگە.

گوێزەل لە سبەی فکر دەکردەوە،لە سبەی،لە دەشت، لە هەتاو، لە سوارەکان، ئەو سوارەی سووری مەیلەو بنەوش. و بەو ڕەشماڵە ڕەشەی سەر بە ژەنگار(ڕەنگ کەسک) کە لەو شەوی بەفری،لە یەکەمین ڕۆژی جیا بوونەوە لە داکی، ئەو پەنای دابوو، بەو کێژەی کە ناوی خۆی بە گوێزەل دابوو، کێژێکی بە کەزی هۆنراوە، کورتەکی(کولەجەی) سووری ئاوریشمی، کەراسێکی چینداری سەوزو تاسکڵاوی شانس لە سەرۆی نێوچاوانی

کێژێک کە بە بۆنەی خێرو بەرەکەتی شەوی بوکینی، گوێزەلی لە نێچروان ڕکێبۆەو ئەوەی پەنادا بوو و پاشان ئازادو بەرهەڵای کرد بوو.

گوێزەل، لە خەیاڵی گوێزەل بوو، کە کازیوەی دا.

هیوا،جارێکیتر چرۆی کرد

ئەو کەڕەت گوێزەل لە چاخی تاریکوو ڕوونی بەیان لە ناو دەشت بوو، وەکوو سێبەری باڵی پەرکۆرێک،یان نیسیێ وسێبەری هەورێکی راپێچاوو تاران بەلێکهاڵان بەرەوپێش دەچوو

ئێستاش هەروا زیندوو بوو،زیندو لە دەشتێکی ڕەنگ عابی کازیوە، کە دیسان ئەو دەنگ ئاوازەی داوە: "بە زیندوویم دەوێ،هەتا ئەگەر دوایی حەوت شەو ڕۆژ"!

گوێزەلیان بە پرست لێبراوی دەویست

سەرەتا دەیانەویست ئەوی تەنگە نەفەس‌و پشوو سوار کەن، پاشان لە بێ ورەویوو بێتاقەتیدا ناچار بە خۆ بە دەستەوەدانی بکەن، و ئەو کات وەچەنگی بێنن. تێکۆشانێکی ئەوها بۆقەو مەترسیدار هەڵگری هەستی گوێزەل بوو،حەولی کوژرانی و قەبوولی مرنی کار سانایی دەکرد. بەڵام مردن چاخێک هاسانی دەنواند، کە گوێزەل تەنیا

بوایە، کە تەنیا خۆی دەکوشت. بەڵام گوێزەڵ تەنیا خۆی نەبوو،ئەو دوو بێچووی بزر بوو، ون بووشی هەبوو. ئاسکۆڵەکانی کە ئەو لێیان دوور کەوتووتەوە، بارکەوتووو بۆژمانو بەشقەمی بێ سبەی

"بەڕاستی ئەی گوڵە سوورانم،ئێوە چ دەکەن،لە چ حاڵدان؟ تەکبیرتان چییە؟... ئاخۆ زیندوون؟ یان لە ژێر سمی ئەو هێرش کەرانەی قاسیدی مەرگ لە ناو چوونە؟ و ئەگەر هێشتا زیندوون، ئەزموونی یەکەمین ترس و دڵەڕاوکێو دڵە خۆرپەی خۆتان چلۆنو بە چ شێوەیەک لە دڵدا لێکدەدەنەوە؟

لە ئاکامدا ڕۆژی حەوتم گەییە جێ، ڕۆژی حەوتەمو پرانەوەو پاوەمانی دەشتێکی سوزیاوو کوێنی(چادر) تێکتەپیوو تیکقرماو، لە بەر یەک بڵاو بوو ورووژاو. ئەمە هەر ئەو دەشتو ئەو شوێنی ئاشنا بوو. کە ڕۆژو ڕۆژگارێک گوێزەلی لە پەناخۆ گرتبوو، پاشان ئازادو بەرەڵلای کرد بوو. دەشتێک کە هەستی تەپس(شێلان) و پێشێلکراو سوزیاوە

"بۆچ؟ کەوا بۆ کوێ چوونەو بۆ کوێ ڕۆیون!! ئەو هەموو پیاوو ژنانەی دەنگین و ڕەنگین پۆشن؟ لە کوێ ون بوونە، ئەو سوارانەی بە زێپکو چاو نەترسو جوامێرو زولف پەرێشان، کە لەو شەوەی شایی، وەک بایەکانی سارا سەر بەستیان بەرزەم کرد بوو؟ لە کوێن ئەو ئاماس و ناسیاگانەی شەوی بەفری من؟ لە کوێن ئەی کەیوانانی کەسک پۆشن بە کەزی هۆنراوە کراسی سوور؟ جارێکی دیکە داوای یارمەتیتان لێدەکەم، جارێکی تر یارمەتیو داکۆکی لە ئێوە دەخوازم پەنام بدەن"!

تەنیا ڕەشماڵێک، ڕەشماڵێکی نێوە سوزیاو کۆنی دڕیاو، لە سەر ئەستوندەکی تێک بردووی قەڵشاو ڕاوەستا بوو، لە بەر بای سارا وەک دڵی ئەویندار دەلەرێ

"خوایا... ئەمە دوایین هیوای منو دوایین پەنای منە

دەچمە ژوور،هەرچێ دەبێ بلا ببێ"!

نیوورۆیەکی دارماڵ هەتاو، تێنوو دەم ویشک،گوێزەڵ چوو بن بانی سێبەری خێوەتی ڕەشو کۆن و کون کون و هەنجن بە هەنجن بوو لە وێ- سەرسورما-لە ئاوێنەی چاوەکانی خانمێک ڕاوەستا کە ئەو بووکی ئەو شەوی شایی بوو، ئەو شەوی ساڵی پارەکانە: گوێزەڵ

بەلام ئەو کەڕەت نەک وا بە کەیفو دەماخو شۆخو شەنگو خانوومانو جوانو دڵگر. بێدەنگو خەمناک بوو، کزو لارەملو داماو پەریشان،بەو کەزی دە پەرێشانی،چاوەکانی ئارامو سیخمەو کراسیکی ڕەش،بە ڕەنگی مرن لە بەر.

خاتوون گوێزەڵ، بە بینینی ئاسک،ڕووی بە ڕووناکایی کردەوە، ئەوها وەکوو خۆر کە ڕایەڵوو پۆی هەورەکان پرەوێنێتەوەو ڕوخساری وەدەر خات،دەستی لە سەر شانی بە ئارەقە خوساوخیساوی گوێزەڵ داناو گوتی

"های... ئەی ئاسکی بەختم... ئەتۆو ئێرە؟ دۆستی پارەکانەو ناسیاگی ئەمسال!... چ خەبەرێکت پێیە، خۆش خەبەر بێ؟دەنگوو باسێک لە سواران، خەبەرێک لە مێری بێ تانجو تەختو شوخ و جوان؟خەبەرێک لە زاوای ئەو شەوەی قەت لە بیر نەچوو؟ خەبەرێک لە سەروەری من؟"

ئاسک سەری لە سەر باسکی خاتوون گوێزەڵ دانا، بە بێدەنگی فرمێسکی لە چاو هاتە خوارو لووزەوی بەست

گوێزەڵ سەری ئاسکی بە سینگی وەنا،ڕووی لە ڕووی خشاند، و لێی پرسیار کرد: "چێت لێقوماوە، ئەی مامزی بەختی من،چێت بە سەر هاتووە؟ بوچ وا دەکەی؟ئاخۆ خەوەری ناخۆشت پێیە؟خەبەری تازیەداری؟

کارمامزی بەختی خاتوون گوێزەڵ هەر وا گریاو گریا بە هەنیسکانەوە،گوێزەڵ هەروا بە حەوسەلەوە خۆی ڕادەگرت تاکوو دیسان لێی پرسی:" دەردی دڵی خۆتم پێ بڵێ، دەی گڕیمانەی دڵت دەرپەرە. ئەمن ئیدی سەبووریم لێ خەلاس بوو، بڵێ بزانم چ بووە؟دەی بە من بڵێ"!

مامز دەردی دڵی خۆی پێگوتو وتی:

"هاتووم هەتا ناوی تۆ وەخۆت دەمەوە، و هاتووم هەتا..." نا،نا... ئەمن ئەتۆ لە بەر چاوو دەستی وان دوور دەکەم وەرە... لە گەڵ من وەرە"!

ئاسک لە گەڵ گوێزەلی ڕۆیی، ئیدی دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوت پێی بێژێ ئەوەی کە ئازاری دەدا، بێچوکانی بزر بوویەتی. هەر بۆشی نەڕەخسا. چونکە ئەو سوارەو ڕاوکەرانەش سەروبەندی گەڕانەوەیان بوو،...ها... گەیشتنەوە. ئەها!

سێبەریان لە پاگا-ی دەرگای ماڵ.

سێبەری حەوت هەسپو حەوت سوار،

سوارێک پێشەنگو دوو سوار دواتر،و ئەوانی تر... خاتوونی چادر،گوێزەل، لە سەر دەرانەی سەر سام بوون ڕاوەستا. ئەو لە خۆرا حایشاندنی گەڕانەوەی سواری بێ تاجو تەختی خۆی لە سەردا بوو. بەڵام ئەو سوارەی بە کڵاوی دەسەڵاتدارانو ساکۆی سووری تۆخ لە بەر، سواری هەسپێکی عەگیدی سپی سم کوتکی حدود، بە زینی یایلیو دانەو لغاوی زێرکفتو سەرکەلەی قایشی حەسڵو ڕێشمەی ئاوریشمو رختی زێر لێدراو تەنگەو پاڵوو موحکەم، خونکاری وڵات بوو. ئەو دووەی دیکە تووژماڵی(میرشکار) سوڵتان بوون، ئەوانی دیکە نێچروان. گوێزەل تفی لە زاریدا ویشک بوو، قسەی پێ نەما،سەرتاپێ بوو بە گوێچکە

پاڵشا نێوچیری خوی دەخواست:

" ئەو مامزی کە بەلەنجەو لار بۆ بارەگا هاتووە،ئەوە نێوچیری منە،وێم دەوێ!

گوێزەل بێ ئەوەی بێهەوێ، بێ پێخۆشبوون گوتی: "سوڵتان ئەمن لەمە ئاگادار نیم

سوڵتان زۆر تر هەڵچوو توورەبوو. ئەوجار دەنگی بەرزتر کردەوە: "جورئەتو پڕ ڕوویی سزای بە هەسپ ڕەکێش کردنە، هەتا لەتو پەت دەبێ!...دەی بسکە هۆنراوەکانی وی لە کلکی هەسپی من گرێدەن،کە ئەو نە ئەدەبو یەزەش خزمەتکاری ڕەچاو دەکاتو نە ماریفەتی گزیری"

گوێزەل وەجواب هات:

ئەم قۆڵەمێرەی جەرگ بەکوچکی وەدراو چ لێهاتووی سوڵتان؟و ئەمن چ ڕێزو ئیحترامم هەس کە خانە خوێگی سوڵتان بم؟ ئەویش لەو کاولە کە لە بەر ماوی هێرشی سوارانی سوڵتان جێماوەتەوە..!

بەهەر حاڵ... سفرە و سفرە داری سوڵتان، بەراستی،هاو ماڵو خانەخۆێ.

سولتان وتی:

"ئەمن نێچیری خۆم دەوێ دوایی حەوت شەوو حەوت ڕۆژ کە بە دوایدا هەلێنگم داوە. ئەفسانەی هێرشی سوارەکانم چێرۆکێکی ترە، کە سوار پەیوەندی بە کەباب،و هەسپ بە ئالێک هەیە. ئێستا کوا ئەو نێچیری منێ!

گوێزەل گوتی:

"با وا بێ پاڵشا،با وا. بەڵام قەدروحورمەتو ئابڕووی ماڵ چ دەبێ؟ ڕێزو ئابڕووی ماڵو خانەخوێ؟ ئەو ئاسکە بۆ بن ئەو ڕەشماڵە(تاوڵ)ە شڕو دڕاوو سوتاوە پەنای هێناوە،حورمەتی وڵاتو مال چییە؟

"جەنە چەقەسروئیو چەنە بازی،چەندە چیرە درێژی!های...ئەمرم دا ئەوی بە کەزیەکانی،...."قۆلە میرانی نێچێروان خێرا لە هەسپەکانیان دابەزیبوون ئێستا دەچوون هەتا گوێزەل لە زاری چادر(کۆن) ڕایکێشنەدەر ئەوجار بسکەکانی لە کلکی هەسپی سوڵتان ببستن بە سزای پێچەقاندن،ئەوها لە دوای خۆی ڕەکێش کەن کە جگە لە بسکەکانی لە وی شوێنەوارێک نەمێنێتەوە

دیارە گوێزەلیش چارەیەکی جگە لە قەبوول گوناو (هەزینە)و مەزیخی وی نەبوو، و هیچ هاودردو داکۆکی کرێکی نەبوو، هەتا بۆ ڕزگار بوونی وی بە پاڕانەوە لە بەر سوڵتان حەولو تەقلایەک بکات، مەگین ئارەزوی گەڕانەوەی ئەو سوار،ئەو قۆلە مێری بی تانجو تەخت کە ئەوی هەتا ئێستا چاوەڕوان هێشتبۆوە.. قۆڵە میرێک کە پێشەنگی سوارەکانی دیکە،دوایی بە بەریەک داچوونێکی مەترسیدار چوو بوو هەتا سەوزاییو ئاو هەتاو بۆ دەشتی قاقڕ وهەڵپروزاو بگەڕێنێتەوە،هەنووکە ئیدی قەدرحەیامێکی بە سەرداچوو بوو نەهاتبووە، ئێستا گوێزەل خاتوونی ڕەشماڵی سوزیاو،لە پێشەوەی میری نێچیروانانی خونکاری،لە سێبەر هاتە بەر ڕۆژ، ڕوو بە ڕووی سینگی

هاوەڵای هەسپ و قەڵافەتی دەر هەڵبووی پاڵشا ڕاوەستا. ئێستا دەبوایە مەزنی ڕاو دەستی بۆ ڕوو بەندی سەر ڕووی وی بردبوایە، لچکەی رەشی لە ڕووی لادابوایە، هەتا خویانی کەزی گوێزەل وەبەر دەستی بکەوتبوایە

گوێزەل ڕاوستا بوو و قەبووڵی کرد بوو کە لەشی تورتو شەقو ناسکی لە ناو خیزەڵانو ورکە بردان هەنجن بە هەنجنو لەتو پەت دەبێ،تەنیا گوتی:

"ئیدی ئەمە ڕادەی ئەمری سوڵتانە لەمە زێدەتر نییە"!

بەلام غەزەبی سوڵتان ئاو خۆری مەنزڵگەو قۆناغێکی دیکەی ویست،کاتێک کە ئاسکی پەنابەر لە چادر هاتە دەرو بەرامبەری ڕاوکەری خۆی ڕاوستاو گوتی:

"ئەوە ئەمن! ئیدی چی؟"

"ئەتۆ! بەڵێ، ئەتۆ!... بەڵام ئەتۆم بەم جۆرە ناوێ".

"ئەدەی چلۆن؟"

"ڕاکە هەتا ئەتۆ لە کاتی هەڵاتن بگرم".

"ئەگەر دیسان وەدەستت نەهێنام".

"لەوحالێدا مەگین بە تیر بتکوژم".

"ئەگەر ئەوەش نەبوو؟"

"ئەو چاخ ئیدی ئازادی هەتا لە سەرانسەری وڵاتی من بلەوەڕییو گەمە بکەی وبگەڕێوو بسوورێیەوە".

"کە وابوو ئەمر بفەرموو هەتا خاتوونی بەختی من ئازاد کەن، خو ئەمن ئەوە لە بەر دەستی تۆم".

"بەڵێ وایە... ئازادی کەن"!

گوێزەل لە چەنگی (تۆژماڵ)میری ڕاوکەران نەجاتی بوو، کەزیەکانی لە بن لچکە وەشاردوە. مامز لە وی ڕوانی چاویان لە چاوی یەکتر بڕی، درێژیان کردەوە، درێژکردنەوەیەک لە گەڵ برووسکەی ڕوونی فرمێسکەکانیان لە سۆمای چاوەکانیان بە هێما:

ئاسک گوتی:

"ئەگەر ڕزگاریم هات بە هیواوە دەگەڕیمەوە، گوێزەل! بەڵام... دەتوانم شتێکم لە تۆ بوێ؟

گوێزەل گوتی:

"بخوازە هەرچی دەتهەوێ ئاسکی بەختی من".

"ئەمن دوو ئاسکۆڵەم هەبوون،بەر لە وەی نێچروان بگاتە سەرن. لە حاڵێکدا کە مرن دێ نزیکەم لێدەکات، ئەمن خەمی مەرگی وانم هەیە، بەر لە خەمی مردنی خۆم... بە دڵی ئاسودە دەمردم، ئەگەر تۆ خۆت بکەی بە دایکی ئەوان. داکی ئاسکۆڵەکانی من".

"بە چ بەڵگەو نیشانەیەک بێاندۆزمەوە، و لە کوێ؟" "لە وێ لە سارای خوا... لە هەر لایەکی دەشت،ڕەنگە لە رخ"جەنگەڵی ئەفلاک".

"قەبووڵم کرد،بەڵێ ئەمن قەبوولم کرد،بەڵام ئەوان... چلۆن ئەمن دەناسنو قەبووڵ دەکەن؟

"گوێزەل،ئەمن لە لای وان بەو ناوە، ناو بێنە، ناوو لێروانین ئاشنا دەناسێت، دەشزانن کە ئەوە ناوی تۆیە، ئەمن لە خۆم ناوە".

گوێزەل،ئەم ناوە ناوی من بوو".

"ئێستاش،و تۆش وەکوو منی،گوێزەڵ"

"گوێزەڵ"!

ئێستا گویزەل لە ئیختیاری سوڵتان دابوو

مەرج جارێکی دیکەش دوو پات کراوە:

"هەلێنگدانێک،تیرێک،کەمەنێک. ئێستا بڕۆم"

دەرپەڕی،

خۆی دانواندو بە سینگی پاناگۆڕایی دەشت دا بە خوارەڕێچە. میری شکاروانان بە ئەمری سوڵتان، لە ڕەخ خیوەتی ڕەش مانەوە، سوڵتان بە دوایی کارمامزدا کەوتە پرتاو.

خاتون گوێزەل بەرەو بەرزایی چوو، بەڵکوو بتوانێ ڕوو داوەکە ببینێت

کاری گەمەو دوور ڕوینی تیرو کەمانی سوڵتان

ڕکەبەرێ مردن، لە دوورەوە، سوڵتانو مامز بە تەواو بوونیان دەگەیاند

سوڵتان ناهومید لە ئیشی کەمەن،ڕاستەوخۆ لە سەر ڕکێف ڕاوستاو، ڕانی لە ئاتەگی زین کوشیبوو، تیروکەوانی وەدەست گرتبوو، نیشانەی لێگرتبوو. کارمامز لە بەر سێرەی ئامانج دابوو، پرتافی لە سەر خەتو کوزو هێڵەکانی دەشت خوارە ڕێچەی دەدایە، لەشی ئۆقرە نەگرتووی بەولاوبەولادا دەکێشا

تیری سوڵتانی لە ژیی کەوان دەرچوو بەرکلکی مامزی پێکا! ئەوخاتونی ڕەش پۆش گریا،هاواری کردو لەو بەرزاییە، کە لێی ڕاوەستا بوو،بینی کە مامز تیگ گلا

مێری شکاروانان چاوی لە خۆ نیشاندانی خۆنکار وەرگیراو، بە سەر سورامانەوە لە حاڵاتێکی لە نەکاو کوتوو پری خاتوونی ڕەشماڵی سوزیاو،کە ئەوی، لە قوڵایی ئەو خەتو کوزو هێلەکانی دەشت چاوەدێری دەکرد،ڕەنگە، وا وێدەچوو ڕوودواوەێکی دڵتەزێنی کوژەرو پرمەترسی قەوما بێ

شەو، بەتڵێک لە شەو ڕۆیبوو کە چاوەکانی گوێزەل بە دەشتێکی تاریکی پڕ لە ئەستێرە کرایەوە. سروەی بەیانی گوێزەلی لە حاڵاتی بێهوشی وەهۆش هێنا بۆوە. هەر دوو ئاسمان بە تاڵ لە سوڵتانو نێوچیروان بوو. گوێزەل بوو تەنیا لە ژێر ئاسمانی بەرز و بە ترووسکە،بە پۆشەکاوی، تاسانو حەپەسانی خەیاڵی لە سەر تێپەڕاند بوو. تەنیا پۆشەکاو وتاسیاو،بە خەیاڵی بێچکە ئاسکەکانی ون بوو،و ئەو بزربووانەی کە لە ماڵی خەیاڵ هێلانەیان کرد بوو،ئەو ون بووانەی کە بەویان ئەسپارد بوو: دوو ئاسکۆڵە تازە چاو بە دونیا کراوە

گوێزەل لە ناو خۆڵوو دڕکو داڵ ڕابوو،بەرەو خێوەت کەوتە ڕێ،هەتا شەو بکاتە ڕۆژ. بەیان، ئەگەر مامز زیندوو بوایە بێگومان هەتا ئێستا دەگەڕایەوە، وئەگەر نەگراباوە، دەیتوانێ مانای ئەمە بێ، کە ئیدی، هیچ کات ناگەڕێتەوە

و سبەی مامز نەگەراوە.

نوێژی نێورو،ئاسک نەگەڕاوە

شەو،مامز نەگەڕاوە.

ئێستا ئیدی گوێزەل دەبوایە ڕێگا چارەیەکی دۆزیبواوە کە بە قەولی خۆی وەفای کردبوایە

دۆدانەیەکی ئاو، چەند نانی بەیاتی هەڵگرت،لە پشتی خۆی بەستو بە چاوی بە فرمێسکو دڵی گڕگرتوو ئاگراوی،بۆ لای (جەنگەلی ئەفلاک)کەوتە ڕێگا

مامزی گوێزەل بە وی وتبوو کە ئاسکۆڵەکانی دەبێ لە رەخ (جەنگەڵی ئەفلاک) بن. و هەتا جەنگەڵی ئەفلاک، ڕێگایەکی دوورو درێژی لە بەر بوو

گوێزەل، تەنیا ماینی بەجێماوەی لە هێرشی ئیلغار لە (مێشەی پەنا) هێنا دەرو سواری بوو گوتی:

”حەیوانی جوانو نەجیبو ڕەسەن،حەولبدە تێکۆشەو بڕۆ، بەڵکوو بتوانم بە وادەی خۆمو بەو قەولە کە داومەو لە گرەوم داناوە، جلی کردەوەی لە بەر بکەم. ئەمن بەرە بۆ جەنگەڵی ئەفلاک. هەیٚ...

ماینی سپی، بوو بە با،بوو بە هەور، ڕۆیوو ڕۆیوو ڕۆیی هەتا حەوت ڕۆژ وحەوت شەو. لە پاشان شەقیو ماندوو مردوو لە قەراخ جەنگەڵو لە دەشتێکی کەسکو پانو بەرین،نزیک کانی (هەزارنووش)راوەستا

گوێزەڵو ماینی سپی، ئاوی ڕوونیان لە کانی خواردەوەو ماندوو بوونیان لە لەش دەر کرد، بە دوای ئاسکەکانی ون بوو دەستیان بە گەڕان کرد

کارمامز نیشانەی"ناو"ی خۆی دابوو،ئەو ناوی کە گوێزەڵ بە وی دابوو: گوێزەڵ

لە بەر ئەمە، گوێزەڵ لە هەر شوێنو ڕێگایەکی جەنگەڵ،لە هەر خەتو کوزو جوگەو پەسیوو کەلێنو ئاوڕروو کەنداڵێک ناوی "گوێزەڵ"ی لە بن لیوانیدا بە نارە نار چەند پات دەکردەوە.

"گوێزەڵ"...گوێزەڵ...گوێزەڵ"...

هەتا کوو سەر ئەنجام دوو ئاسکۆڵەی ترساو،بە بیستنی دەنگی ئاشنا، سەری خۆیان لە زگی پڕە دارێک،ئەو داری کە ئەوانی حاشار دابوو هێنایە دەرو خۆیان بە گوێزەڵ نیشان دا.

گوێزەڵ خەنی بوو، ئەوەندە کەیف خۆش بوو، وەک ئەوەی کە هەموو دنیایان پێشکێش بە وی کرد بێت وا بوو، دەستو پێی خۆی ون کرد بوو، بە خۆشحاڵیەو چوو پێشیان دەستی درێژ کردو هەر دوو ئاسکۆڵە لە ناو دارەکە هاتنە دەرو خۆیان لە باوەش وی هاویشت

گوێزەڵ کە هەر وا ئاسکۆڵەکانی  لە ئامێز گرتبوو بە خۆوە دەکوشی،بە سەر سورمانەوە بینی  کە قەڵشتی زگی دارەکە، پێکەوە نوساوو قایم کراوە. بە جورێک کە دەتگووت چ قەڵشو کەلێن لە بەژنی دار دا نەبووە

گوێزەڵ ئیدی لەو شوێن نەماوە. هەستاو بۆ لای ماینە سسپیەکەی چوو،هەر کام لە بێچوە ئاسکەکانی لە دوو لای خورجێنی باشتەرکی ماین جیٚ بۆ کردەوە، باشان سوار بوو بەرەو چادر هەی لێکرد

نووکە وەختی ئەمە بوو کە بە دەرخواردانی شیری ماینەکە بە ئاسکەکان، ماندوو بونو برسی بوونیان بۆ قەرەبۆ کاتەوە.

لەو ڕۆژەوە گوێزەڵ ئەرکێکی تازەی پەیدا کرد بوو: مەزن کردنی ئاسکۆڵەکان. ئەو گیاندارە بیٚ تاوانانەی جوانو خۆشکۆک کە بە ئەمانەت بە وی ئەسپاردرا بوون

ئەو ئێشە دڵی وی ئۆقرە پیدەگرت، ئۆخەژنی بە دڵیدا دەهێنا،هەروا هۆکار ببوو کە ئیدی وەک پێشوو هەموو چرکەکانی ژیانی بە سوارانی ون بووی عەشیرەتو بەو قوڵە میری کاکۆڵ پەریشانو بێتانجو تەخت فکر نەکات

ڕەنگە هەر ئەو ژیانی نویو،چارە نووسی تازەی ئەو بوو کە ڕۆژو شەوەکانی چاوەڕوانی خۆی بە گەورە کردنو هەمدەمی ئاسکۆڵەکانی خۆشکۆک تێپەڕ بکات

چارە نووسێک کە بە گوێزەڵو شێوە ژیانو جولانەوە، قیچەک هیوا دەبخشی. نەخازا کە گوێزەلی بە مامزی بەختی خۆی دەزانی. ئێستا کە ئەوی بە ئەنگاوەتە بە تیر کوژراو دەهێناوە خەیاڵ، ئیدی تەکبیرێکی بۆ نەدەکرا جگە لەمە کە لە گەڵ بخت ڕەشی خۆی هەڵکات. چونکە ئەگەر مامزی بەختی وی کوژرابیٚ ئیدی گوێزەڵ هیوای بە گەڕانەوی ئەو سوارەی بێتانج تەخت ناتوانی هەبێت. نە هیوا بە سوارو نە بەو ئاوو سەوزەو ئاوەدانی ئومێد. کە سوارەکان بۆ هێنانەوەی چوو بوون

کە وا بوو،دەبوایە وردە وردە  بەمە ڕازی ببوایە کە داکی دوو ئاسکۆڵەی ساوای بزربووەو خەریکە ئەوان گەورە دەکات.

ئاخر،چارە چ بوو؟

 زەمانە ئەوهای ویستبوو ئەمجۆرەی دەویست کە گوێزەلی خوێن شیرنو جوانو خانوو مانوو مێهرەبان،سەر جەمی تەمەن،جلی ڕەشی لە بەر دابیٚو پرچەکانی هۆنراوەی لە تەنیاییو بێیاری بە خەمناکی سپی بکات، وەکوو ژنکەکانی چێرۆک. وەک وەی کە ساڵهای ساڵ بێنو تێپەڕن، دوایی ساڵیانی ساڵ سوارێک ،یان نێچیروانێک

خەبەر بە قەراخ قوجاخی دونیا ببات کە: پیرەژنێکی سەر سپی و ڕەشپۆش،ئێستا کە ئێستایە لە دڵی دەشتێکی سوزیاو،بە تاقی تەنیا،بە چاوە ڕوانی،رۆژگار تێپەڕ دەکات

باشە چارە چ بوو؟

گوێزەڵ هەموو ڕۆژێک بەیانی کە لە خەو هەڵدەستا،دوو بێچوە مامزو ماینە سپیەکەی بۆ سەر چاوەی کانی دەبرد، دەستو چاوی دەشووت ،ئاژاڵەکانی دەلەوەڕاندو بۆ خۆی لە سەر ترۆپی بەرزترین قیتەک، لە شوێنی گزنگدانی ڕۆژ ڕادەوەستاو،لە ڕێگای سوارەکانی ڕۆیوی عەشیرەکەی دەڕوانی. ڕۆژ وردە وردە شەبەقی دەداو دەهاتە دەر، بەڵام سوارەکانی رویوو نەدەبینرا بێنەوە

ڕۆژەکانو حەوتوەکانو هەیفەکانو وەرزەکان تێدەپەڕین، ئاسکۆڵەکان گەورەو فراژووتر دەبوون،و تێپەڕینی هەرکاتژمیرو چرکەو ڕۆژ تاڵەمووی سپی دیکەی لە کەزیەکانی درێژی گوێزەڵ وەبەر چاو دەخست، و بە تێپەڕ بوونی کاتو چاخ گوێزەڵ سەبوور ترو بە حەوسلەترو بە ئەزموونتر دەبوو، لە قوونە کەوی دونیا پتر دەگەیی و تەجرەبەو جەڕباندنو دوو پیتکی پاشقول دەداو فکری لێگیر دەکرد

لێگەڕێ با وابێ. لێبگەڕێ با دوایی مردنی من، ڕۆژو ڕووژگارێک ئەگەر ئەوان گەڕانەوە، خونکاری من با ئێسکەکانی من لە بن قڕنەیەکی ئەو خێوەتە دڕاوە ببێنیو بزانێ کە ئەمن هەتا ئاویلکەی مەرگ،چاوەڕوانی وی بوومە. لەو حاڵەو هەلوو مەرجدا، ئەو ئارام دەبێت. چونکە پەژیوان لەو ئێشە چەتوونەی کە بە ئەرکی زانیبوو نابێت، میری من،ئەو کاکۆڵ پەریشانەی بێتانجو تەخت نابی بە ناهومیدی بمرێ".

باشە ڕێگا چارە چ بوو؟

گچە...گچە...لە کوێن، ئازیزانی من؟لە کوێن خۆشکۆکانی من؟ بارەگاه ئەم لایەیە، ئەم قورنەیە، ئەنگۆ بۆچی بەو لایدا دا دەڕۆن؟ ...نا...نا... ئیدی ئەنگۆ بە تەنیام مەهێڵنەوە، ئیدی ئەنگۆ... بێ ئینساف مەبن، مەیکنە منداڵبازاری، ژینی من... ئێستا بە دستی ئێوەیە، ئەگەر زیندووم، ئەمن بە تاقی تەنیا... بەر هە... مەکەن".

نا بەڵام خواهشو ڕەجای گوێزەڵ کارتێکەر نەبوو. ئەوگریانو شینو فرمێسکو ئەسرین هەڵوەرێنی وی کارتێکەر نەبوو،و ،نەدەچوو مێشکی بێچوەکان. ئەوان مەزن ببوون هەر چرکە توندوو تۆڵتروو بەلەز تروو بە ورەتروو بە هێزو پێزتر دەبوونو غاریاندەدا بەرەو شوێنی گزنگی ڕۆژ. ڕوویان لە تەپۆڵکو هەورازو ونشیوو کووزو هێڵی دەشت دەکرد. ئەو جێگا کە ڕۆژگارێک گوێزەڵ،لەو نێورۆی تەژی لە تێرێژ بە تیری سوڵتانی گڵا بوو

"بەڵام خۆ ئەمانە خەبەرێکیان لەو ڕووداوە نییە!... ڕەنگە ڕەنگە بۆنی نەفەسی داکیان بۆ هاتبێت؟

ڕاستیش وابوو.

ئاسکەکان بۆنی دایکیان کرد بوو، بۆنی کلکی گوێزەڵ. گوێزەڵ خاتوونی ماندووی دەشتی سوزیاو، چوو سەر بەرزترین تروپ، خاڵەکانی دوور، هەتا دەرگای تێرێژ لێدەڕوانی

چی دەبینی؟!

گوێزەڵ، گوێزەلی لە پێشەوەی هەزار سوارەی قەبیلەکەی. بەڵام نە ئەوها بە تاقی تەنیا، سڵو گوێچکە وشت،سەر بەرزو باوەش کراوەو ئاسودە، لە پێش سوارانی قەبیلەی کە دەشتێک لە سەوزەو ئاوو هیواو ئومید لە سەر بەرەوپێش داهاتنوو نزیکەیان دەکرد

و سوارەکانو سوارەکان،

وە ئەو سواری هەسپ سپی،ئەو میری بێ کڵاوی دەسەڵاتداریو بێ عەبای سوری تۆخ،کە خاتوونی دەشتەکانی سوزیاو،ڕۆژو ڕۆژگارانێکی دورودرێژی بێ چرکەیەک خافڵ بوون چاوەڕوانی کرد بوو. خاتوونی دەشتەکان کە زیوار لە ئاوێنەی چاوەکانی دەبینرا، خودایە... تەمەنی دوو بارەی دەست پێکرد بوو. گوێزەڵ، جارێکی دیکە جوانی سەر دەمی لاوی وەدەست دەهێنابۆوە، کە دەیدی سوارەکان بە حیلە حیلی هەسپەکانیان بە گوراندنو گرماندنو هەڕوژاندن. بە بەرهەمێک لە سەزوەو ئاو ئاوەدانی لە سەر و دەست بۆ ماڵ دەگەڕینەوە، و لە هەر شەقاوو هەنگاوێک، گیاو گوڵو خونچە چەقەرە دەداو سەریان لە ژێر خاک دەهێنادەرو بە هەرد پێدەکەنین

"آخ... کارمامزی بەختی من،

ئاسکی شانسی من،

"گوێزەڵ "!

ئەو شاکارەی( مەحموودی دەوڵەت ئابادی)م...بە دوو ڕۆژ وەرگێراوەتەوە سەر زوانی کوردی

٢٠١٢/٨/٤ی زاییی. حامیدرەشیدی زەرزا.

...

www.peshmergekan.com